بۆ هاوڕێیانی بەڕێز؛ عۆمەر ئیلخانی زادە ، جەمیلە ڕەحیمی و بنەماڵەی بەڕێزتان

ویستمان بەشداری خەمەکانتان بین ،ویستمان لە هەورازی سەختی ئەم خەمە دا لەگەڵتان بین ، ویستمان لەم ئازارە گەورەیە دا مەرهەمێک بۆ زامی گەورەی ئێوارەی پەپولەکەتان دروست کەین ،ویستمان لە گەڵتان بەشداری بۆشایی پێکەنینەکانی و تامەزرۆی نیگاکانی بین، ئەم خەمە تەنیا خەمی ئێوە نیە و تەنها بە دڵی ئێمەش هەڵ ناگیرێ ، کوا دەتوانین قووڵایی زامی ئێوە و برینی دڵی خۆمان بە فرمێسک سارێژ کەین ، ئاخر شەمی بێ پەپوولە و ئاسمانی بێ باڵندە و گوڵستانی بە بێ **شەوبۆ** سەیر کردنی زۆر ئەستەمە و نە دڵ بەرایی پێ دەداو نە هیچ چاوێکیش دەیەوێ ئەو دیمەنە لە خۆیدا جێگا بکاتەوە .

بەڵام هاورێیان ، ئەگەر ئێوەی دەست پەروەردەی شۆڕش و ڕۆڵەکانی ڕۆژانی سەختی تێکۆشان ، کە ساڵهایە دڵی گەورەی ئەوینداری ئازادیتان خەمی گەورە هەڵ ئەگرێت ، ئێوەی کە تەمەنێک تەرمی هاورێ لە سەر دەست ، شاخ و دۆڵ و هەڵدێر نەما بە دڵی پر ئازارەوە گوێی لە گریانی بێ دەنگتان نەبێت ، ئەگەر ئێوە نەتوانن ئەسپی تووشی خەم ڕابێنن ، ئیتر ئیمە لە کام سووچی ئەم دونیایە ، بە دوای سوکنایی دڵی بریندارمان دا بگەڕێین???

هاورێیان ، بەم شێوەیە لە لایەن هەموو هاورێیانی کۆمەڵە لە مەڵبەندی سکاندیناڤیەوە (سوید ، نروێژ ، دانمارک و فینلاند ) هاودەردی و هاوخەمی قووڵی خۆمانتان ئاراستە دەکەین .

یادی ئەو خۆشەویستە بۆ هەمیشە لە دڵماندا زیندووە.

لەگەڵ ڕێزمان کۆمیتەی مەڵبەندی سکاندیناڤی کۆمەڵە

11-06-2004